


# لــــە پـــایتـــەخت خولی

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بەتواناکانی ناوبژیوانانی کوردستان و شارەکانی عێراق، لە شاری هەولێر بۆماوەی پێنج رۆژ خولێکی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و بەڕێوەچوو، لە وانەکانیش رۆژانە وانەبێژانی نێودەوڵەتی لە یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) تازەترین یاساکانی کاری ناوبژیوانیان شیکردەوە بۆ ناوبژیوانان، ئەمەو یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی بە هاوکاریی یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی و یەکێتیی تۆپی پێی لقی هەولێر سەرپەرشتی خولەکەیان دەکرد، بۆزیاتر بە ئاشنا بوون بە خولەکانیش و ئاستیان ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.

**ئەرسەلان قادر ناوبژیوانی نێودەوڵەتی پێشوو و باری جەستەیی بۆهەموو ناوبژیوانانی عێراق لە بارەی خولەکە بۆ گۆڤاری گوڵان وتی:** « ئەمە دووەم خولە بەشداری دەکەین وەکو ناوبژیوان، خولێکی دیکەیش ماوە بەشداربم ئەوکات دەبمە ناوبژیوانی باری جەستەیی هەموو ناوبژیوانەکانی عێراق، ئەم خولەش زیاتر لەسەر شێوازی وەستانی ناوبژیوان بوو لە نێو یاریگا بۆئەوەی بتوانین ئاستیان بەرز کەینەوە،لە بارەی کەمیی رۆژەکانی خولەکەش گوتی ماوەی خولەکە کەمە بە پێنج رۆژ، بەڵام ئێمە لە بەرەو پێشبردنی ئاستی ناوبژیوانانی کوردستان و عێراق بەردەوام دەبین تاکۆتایی بەرنامەکە، ناوبژیوانانی کوردستانیش زۆر مەغدورن لە خولەکان لە چاو ناوبژیوانانی دەرەوەی هەرێمی کە گرنگیان پێ دەدرێ بە هی خۆمان نادرێ،دەمانەوێ زیاتر گرنگی بەتواناکانی ناوبژیوانانی کوردستانیش بدرێ بۆئەوەی بگەنە ئاستی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، خولەکەش زیاتر لەسەر ئەوە بوو کە یاریزان لە ناو یاریگا فێڵ لە ناوبژیوان دەکات، بەهیوای ئەوەشین خولی لەم جۆرە بۆ ناوبژیوانانی هەرێمی کوردستانیش بکرێتەوە.

**ناوبژیوانی نێودەوڵەتی عەلی سەباح وتی:** (ئەوە پێنجەم جارە لە کوردستان لە هەولێر ئەم پاڵەوانیتییە دەکرێتەوە، سوودی ئەم خولەش ئەوەیە کە بە نوێترین یاساکانی یاری ئاشنا دەبین، نوێترین

**ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی**



# ناوبژیوانی بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات

گۆڕانکاری کەبەسەر تۆپی پێدا دێت بە تایبەتی ناوبژیوانی، ئەم خولە لە خولە هەرە چاکەکان هەژماردەکرێت بۆناوبژیوانان زۆر پێویستە بۆئێمەی ناوبژیوان لە هەموو ئاستەکان نێودەوڵەتی ناوخۆی لەم خولە چی نوێ هەبوو ئێمەیان پێ ئاشنا کرد.ئێمە سوودی لە ئەزموونی ئەوان وەردەگرین.

**ئیسماعیل حافی بەرپرسی بەهێزکردنی ناوبژیوانی رۆژئاوای ئاسیا لە نووسینگەی فیفا لە عەمان وتی:** (ئەم خولە نێودەوڵەتییە تایبەتە بە ناوبژیوانانی بژاردە لە خولی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق ئەنجامی داوە ئەمە پێنجەمین خولە کە دەکرێتەوە، خولەکە دوو بەش بوو تیۆری و پراکتیکی، لە یاریگا مەشقیان پێ دەدەین بۆڕاهێنانی هێزی جەستەی ناوبژیوانان لە رووی هونەرییەکەش بۆئەوەیە چۆنییەتی وەستانی ناوبژیوان لە نێو یاریگاو جولانەی ناوبژیوانان بزانین، تاقی کردنەوەی یاساکانیش بە ناوبژیوانان دەکرێت، بە ڤیدیۆش لێ دەدرێت لەسەر ئۆفسایدی یاریزان لە نێو یاریگا،خولەکانی شاری هەولێر لە گشت روویەکەوە زۆر رێك و پێکن.

**هانی تالب بەلان وانەبێژی ناوبژیوانان لە یەکێتیی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا وتی:** «ئەوە سێیەم جارە کە بەشداردەبم لە شاری هەولێر بۆ خولی ناوبژیوانانی بژاردەکانی عێراق لە هەولێر،ئەم خولە زۆر بابەتی چارەسەری تێدایە بۆکاری ناوبژیوانی رۆژانە کار لەسەر ئەوە دەکەین چۆن ئۆفسایدو کێشەکانی ناو یاریگا روودەدات بەسەریاندا زاڵ بین و جووڵانەوەی ناوبژیوانان لە نێو یاریگا، لە وانەکانمان ئەوە ئاشکرا دەکەین کە چۆن یاریزانان فێڵ لە ناوبژیوانەکان دەکەن ئێمە بۆیان ڕوون دەکەینەوە کارەکانی ئەوانەی ئێمە باسی دەکەین سوودیان زۆرە بۆناوبژیوانان ئێمە بە وردی و بەدرێژیی باسی کاری ناوبژیوانی دەکەین لەسەر جووڵانەوەی یاریزانەکان، ناوبژیوانانی کوردستانم بینیوە کە بەشداری کاریگەر دەکەن لە خولەکاندا،پێشخستنی ناوبژیوان بە گشتی بۆهەموو ناوچەکانی عێراق بۆئەوەی ئاستی و توانای ناوبژیوانان بەرز کەینەوە،ئێمە کارەکانمان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراقەوە بەردەوامە بۆ خزمەتی گەلی عێراق و تۆپی پێی عێراقین، هیوامان وایە سوود لە خولەکان ببینین.

**ئەمیر داود ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە بارەی خولەکە وتی:** (بەراستی خولێکی سەرکەوتوو بوو،کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە گرنگی خۆی دەبێ بۆهەموو ناوبژیوانان، وانەبێژەکانی لە ئاست و توانای خولەکە بوون کە وانەکانیان بەهەردوو شێوازی تیۆری و پراکیتکی بۆ ناوبژیوانان شی دەکردەوە، بەهیوای ئەوەین کردنەوەی ئەم خولانە زۆر بێت نەك بۆ چەند رۆژێك بێت).

# جامی کیشوەرەکان – بەرازیل ٢٠١٣

**لەماوەی ٢٠١٣/٦/١٥ تا ٢٠١٣/٦/٣٠ یارییەکانی پاڵەوانییەتی جامی کیشوەرەکان لەوڵاتی بەرازیل بەڕێوەدەچێت، ئەم پاڵەوانێتییە یەکێکە لەو پاڵەوانێتییانەی کە یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی (فیفا) چوار ساڵ جارێک ئەنجامی دەدات، لەساڵی ٢٠٠٥وە فیفا بڕیاریدا کە جامی کیشوەرەکان ساڵێک پێش ئەنجامدانی مۆندیال لەو وڵاتە ئەنجام بدرێت کە میوانداریی مۆندیال دەکات وەک پرۆڤەیەک و تاقیکردنەوەیەک بۆ توانای ئەم وڵاتە لەمیوانداریکردنی مۆندیال .**



*** مێژووی جامی کیشوەرەکان**

جامی کیشوەرەکان بیرۆکەکەی لەوڵاتی سعودیە دەستی پێکرد کە پاڵەوانیی کیشوەرەکان بەشداری تێدا بکەن، یەکەم پاڵەوانییەتی جامی کیشوەرەکان لەساڵی ١٩٩٢ ئەنجامدرا بەبێ ئەوەی فیفا دان بەم خولەدا بنێت، هەڵبژاردەی ئەرژەنتین نازناوەکەی بەدەستهێنا، لەساڵی ١٩٩٥ بۆجاری دووەم بەهەمان شێواز جامی کیشوەرەکان لەوڵاتی سعودیە ئەنجامدرا و هەڵبژاردەی دانیمارك بووە پاڵەوانی خولەکە، لەساڵی ١٩٩٧ فیفا بەفەرمی دانی بەپاڵەوانییەتی جامی کیشوەرەکان دانا و وەك ڕێزلێنانێك بۆ وڵاتی سعودیە کەخاوەن بیرۆکەی جامی کیشوەرەکان بوو بڕیار درا یەکەم پاڵەوانییەتی فەرمی جامی کیشوەرەکان لەوڵاتی سعودیە ئەنجام بدرێت بەبەشداری ٨ هەڵبژاردە کە ٦ هەڵبژاردەی پاڵەوانی کیشوەرەکانی جیهانن لەگەڵ پاڵەوانی مۆندیال و وڵاتی میواندار، ئەمەش کورتەیەکە دەربارەی سەرجەم خولەکانی جامی کیشوەرەکان :

* ١٩٩٧ سعودیە
پاڵەوان : بەرازیل
دووەم : ئوستورالیا
سێیەم : کۆماری چیك
چوارەم : ئۆرگوای
خەڵاتی باشترین یاریزان : دینیلسۆن (بەرازیل)
خەڵاتی باشترین گۆڵکار : ڕۆماریۆ (بەرازیل)
خەڵاتی یاریی پاك : هەڵبژاردەی باشووری ئەفریقیا

* ١٩٩٩ مەکسیك
پاڵەوان : مەکسیك
دووەم : بەرازیل
سێیەم : ئەمریکا
چوارەم : سعودیە
خەڵاتی باشترین یاریزان : ڕۆنالدینهۆ (بەرازیل)
خەڵاتی باشترین گۆڵکار : ڕۆنالدینهۆ (بەرازیل)
خەڵاتی یاری پاك : هەڵبژاردەی بەرازیل

* ٢٠٠١ کۆریا و ژاپۆن
پاڵەوان : فەرەنسا
دووەم : ژاپۆن
سێیەم : ئوستورالیا
چوارەم : بەرازیل
خەڵاتی باشترین یاریزان : ڕۆبەرت پێریس (فەرەنسا)
خەڵاتی باشترین گۆڵکەر : ڕۆبەرت پێریس (فەرەنسا)
خەڵاتی یاری پاك : هەڵبژاردەی ژاپۆن

* ٢٠٠٣ فەرەنسا
پاڵەوان : فەرەنسا
دووەم : کامیرۆن
سێیەم : تورکیا
چوارەم : کۆلۆمبیا
خەڵاتی باشترین یاریزان : تیری هێنری (فەرەنسا)
خەڵاتی باشترین گۆڵکار : تیری هێنری (فەرەنسا)
خەڵاتی یاریی پاك : هەڵبژاردەی ژاپۆن

* ٢٠٠٥ ئەڵمانیا
پاڵەوان : بەرازیل
دووەم : ئەرژەنتین
سێیەم : ئەڵمانیا
چوارەم : مەکسیك
خەڵاتی باشترین یاریزان : ئەدریانۆ (بەرازیل)
خەڵاتی باشترین گۆڵکار : ئەدریانۆ (بەرازیل)
خەڵاتی یاریی پاك : هەڵبژاردەی یۆنان

* ٢٠٠٩ باشووری ئەفریقیا
پاڵەوان : بەرازیل
دووەم : ئەمریکا
سێیەم : ئیسپانیا
چوارەم : باشووری ئەفریقیا
خەڵاتی باشترین یاریزان : کاکا (بەرازیل)
خەڵاتی باشترین گۆڵکار : لویس فابیانۆ (بەرازیل)
خەڵاتی باشترین گۆڵچی : تیم هاوارد (ئەمریکا)
خەڵاتی یاریی پاك : هەڵبژاردەی بەرازیل

*** جامی کیشوەرەکان – بەرازیل ٢٠١٣**

جارێکی دیکە یارییەکانی تۆپی پێی جیهانی دەگەڕێتەوە کەنارەکانی کوباکەبانا لەوڵاتی بەرازیل، ئەم وڵاتە کەحکومەت و هاووڵاتیان شەیدای تۆپی پێن، لەماوەی چوار ساڵدا ئەم وڵاتە میوانداری چەندین خول و پاڵەوانییەتی جیهانی دەکات، جامی کیشوەرەکان و مۆندیالی ٢٠١٤ و ئۆلۆمپیادی ٢٠١٦ و جامی کۆپا ئەمریکا ٢٠١٧، بەرازیل هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە پێشەنگی هەڵبژاردە جیهانییەکان، جامی کیشوەرەکان قۆناغێکی گرنگە بۆ تاقیکردنەوەی تواناکانی وڵاتی بەرازیل لەمیوانداریکردنی مۆندیال، لە جامی کیشوەرەکانی ٢٠١٣، ٨ هەڵبژاردە بەشدارن

بەرازیل : وڵاتی میواندار
ئیسپانیا : پاڵەوانی مۆندیالی ٢٠١٠
ئیتالیا : نوێنەری کیشوەری ئەوروپا
ژاپۆن : نوێنەری کیشوەری ئاسیا
ئۆرگوای : نوێنەری کیشوەری ئەمریکای باشوور
نایجیریا : نوێنەری کیشوەری ئەفریقیا
مەکسیك : نوێنەری کیشوەری ئەمریکای ناوەڕاست
تاهیتی : نوێنەری کیشوەری ئۆقیانیا

هەڵبژاردە بەشداربووەکانیش بەسەر دوو گروپ دابەش کراون :
گروپی یەکەم A: بەرازیل – ژاپۆن – مەکسیك – ئیتالیا
گروپی دووەم B: ئیسپانیا – ئۆرگوای – نایجیریا – تاهیتی

*** خشتەی یارییەکان :**

یارییەکانی جامی کیشوەرەکان لە شەش یاریگای وڵاتی بەرازیل ئەنجام دەدرێت، ئەمەش خشتەی سەرجەم یارییەکانە بەکاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان :



# مێژووی خولەکە - خشتەوکاتی یارییەکان

## خشتەی یارییەکانی گروپی یەکەم :

| رۆژ ومێژوو | ژمارەی یاری | هەڵبژاردەکان | کاتژمێر | یاریگا |
|---|---|---|---|---|
| شەممە ٢٠١٣/٦/١٥ | ١ | بەرازیل - ژاپۆن | ١٠ی شەو | ناسیونال دی بەرازیلیا |
| یەکشەممە ٢٠١٣/٦/١٦ | ٢ | مەکسیك - ئیتالیا | ١٠ی شەو | ماراکانا – ریۆدی جانیرۆ |
| چوارشەممە٢٠١٣/٦/١٩ | ٥ | بەرازیل - مەکسیك | ١٠ی شەو | کاستیلاو - فۆرتالیزا |
| چوارشەممە٢٠١٣/٦/١٩ | ٦ | ئیتالیا - ژاپۆن | ١ی شەو | بێرنامبۆکۆ - ریسیفی |
| شەممە٢٠١٣/٦/٢٢ | ٩ | ئیتالیا - بەرازیل | ١٠ی شەو | ئەرینا فۆنتی نۆڤا سالفادۆر |
| شەممە ٢٠١٣/٦/٢٢ | ١٠ | ژاپۆن - مەکسیك | ١٠ی شەو | مینراو – بیلۆ هۆریزۆنتی |

## خشتەی یارییەکانی گروپی دووەم

| رۆژ ومێژوو | ژمارەی یاری | هەڵبژاردەکان | کاتژمێر | یاریگا |
|---|---|---|---|---|
| دووشەممە ٢٠١٣/٦/١٧ | ٣ | ئیسپانیا - ئۆرگوای | ١ شەو | بێرنامبۆکۆ - ریسیفی |
| دوو شەممە ٢٠١٣/٦/١٧ | ٤ | تاهیتی - نایجیریا | ١٠ی شەو | مینراو – بیلۆ هۆریزۆنتی |
| پێنج شەممە٢٠١٣/٦/٢٠ | ٧ | ئیسپانیا - تاهیتی | ١٠ی شەو | ماراکانا – ریۆدی جانیرۆ |
| پێنج شەممە٢٠١٣/٦/٢٠ | ٨ | نایجیریا - ئۆروگوای | ١ی شەو | ئەرینا فۆنتی نۆڤا -سالفادۆر |
| یەکشەممە ٢٠١٣/٦/٢٣ | ١١ | ئیسپانیا - نایجیریا | ١٠ی شەو | کاستیلاو - فۆرتالیزا |
| یەکشەممە ٢٠١٣/٦/٢٣ | ١٢ | ئۆروگوای - تاهیتی | ١٠ی شەو | بێرنامبۆکۆ - ریسیفی |

## قۆناغی پێش کۆتایی

| رۆژ ومێژوو | ژمارەی یاری | هەڵبژاردەکان | کاتژمێر | یاریگا |
|---|---|---|---|---|
| چوارشەممە ٢٠١٣/٦/٢٦ | ١٣ | یەکەمی گروپی A - دووەمی گروپی B | ١٠ی شەو | مینراو – بیلۆ هۆریزۆنتی |
| پێنج شەممە ٢٠١٣/٦/٢٧ | ١٤ | یەکەمی گروپی B - دووەمی گروپی A | ١٠ی شەو | کاستیلاو - فۆرتالیزا |

## یاری سێیەم و چوارەم

| رۆژ ومێژوو | ژمارەی یاری | هەڵبژاردەکان | کاتژمێر | یاریگا |
|---|---|---|---|---|
| یەکشەممە ٢٠١٣/٦/٣٠ | ١٥ | دۆڕاوی یاریی ١٣- دۆڕاوی یاریی ١٤ | ١٠ی شەو | ئەرینا فۆنتی نۆڤا |

## یاریی کۆتایی

| رۆژ ومێژوو | ژمارەی یاری | هەڵبژاردەکان | کاتژمێر | یاریگا |
|---|---|---|---|---|
| یەکشەممە ٢٠١٣/٦/٣٠ | ١٦ | براوەی یاریی ١٣ - براوەی یاریی ١٤ | ١ی شەو | ماراکانا – ریۆدی جانیرۆ |



# باسكەی دێرینەكانی هەڵبژاردەی هەولێر بووە پاڵەوانی كوردستان

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە ئاست و تواناكانی وەرزشوانە دێرینەكان و خزمەتكردنی زیاتری وەرزشكارانی دێرینی شارەكانی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەرزش لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆماوەی سێ رۆژ پاڵەوانێتیی باسكەی بۆ وەرزشوانە دێرینەكانی هەریەك لە هەڵبژاردەی شارەكانی (هەولێرو دهۆك و سلێمانی و كەركوك) ئەنجامدا، یارییەكانیش لە نێوان تیپەكان لەهۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتییەكەشدا یاریزانانی بەشداربوو لە هەڵبژاردەی شارەكان ململانێی یەكتریان دەكرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولەكە لەدوایین رۆژی یارییەكانیش دوو یاری گرنگ لە نێوان تیپەكان بەڕێوەچوو، هەڵبژاردەی هەولێر ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی كەركوك بووە لەم یارییەشدا پێچەوانەی پێشبینیەكان هەڵبژاردەی هەولێرتووشی دۆڕان هات بە ئەنجامی (٥٢-٣٢)خاڵ، سەرەڕای دۆڕانیشی هەڵبژاردەی هەولێر بووە پاڵەوانیی خوولەكە، چونكە یارییەكانی دیكەی سەركەوتنی بەدەستهێنابوو،لە یاریی دووەمیشدا هەردوو هەڵبژاردەی دهۆك و سلێمانی ڕووبەڕووی یەكتری بوونەوە لەم یارییەشدا یاریزانانی هەڵبژاردەی سلێمانی بە ئاست و بە ئەنجام لە هەڵبژاردەی دهۆكیان بردەوە بە ئەنجامی (٨١-٣٥)خاڵ، لەكۆتاییشدا خەڵات ودیاری بەسەر تیپە سەركەوتووەكان دابەشكرا.

١-هەڵبژاردەی هەولێر
٢-هەڵبژاردەی سلێمانی




# ٢٠ی ئەم مانگە خولی تۆپی دەستی كچانی یانەكانی كوردستان دەست پێدەكات

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەكانی تۆپی دەستی كچان و بەرەو پێشچوونی زیاتری یارییەكەو خزمەتكردنی ئەم یارییە لە شارەكانی كوردستان، یەكێتی ناوەندی تۆپی دەستی كوردستان لە دواین كۆبوونەوەی خۆی لە شاری هەولێر بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامان و سەرۆكی یەكێتییەكە ئەنجامدا لە كۆبوونەوەكەشدا بڕیار درا كەوا مانگی داهاتوو یارییەكانی خولی تۆپی دەستی نایابی یانەكانی كوردستان بە بەشداریی هەریەك لە یانەكانی (سەنحاریب و شەقڵاوە و كچانی هەولێرو قەڵاو ئافرۆدێت و كۆیە و ئاكرێ) دەست پێدەكات، لە بارەی دەست پێكردنی پاڵەوانێتییەكە سەركەوت موحسین سكرتێری یەكێتیی تۆپی دەستی كوردستان بۆگۆڤاری گوڵان وتی: ئێمە وەكو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان و بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان و زیاتر خزمەت كردنی یاریی تۆپی دەستی لە كوردستان پاڵەوانێتیی تۆپی دەستی یانەكانی كوردستان لە ئاستی كچان ئەنجام دەدەین، یارییەكانیشی لەرۆژی ٢٠ی مانگی داهاتوو یارییەكانی بەشێوازی خول بە چوون و هاتن یارییەكانی دەست پێدەكات، وتیشی حەفت یانەی شارەكانی كوردستان بەشداردەبن و یاریی لەگەڵ یەكتری دەكەن، وتیشی لە قۆناغی یەكەمی یارییەكان لە ٢٠-٦ یارییەكانی دەست پێدەكات و قۆناغی دووەمی خولەكەش لە رۆژی ٢٠-٨ ئەنجام دەدرێت، یەكەم هەفتەی یارییەكانیش بەم شێوەی خوارەوە دەبێت.

كۆیە-ئافرۆدێت
ئاكرێ-ئافرەتانی هەولێر
قەڵا-شەقڵاوە
سەنحاریب چاوەڕوان دەبێت




# لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هۆکارەکانی دەست لەکارکێشانەوەی ڕاهێنەری یانەکە ئاشکرا کران

لە هۆڵی کۆنگرەکانی یانەی هەولێر بە ئامادەبوونی هەریەك لە دکتۆر عەبدوڵلا مەجید سـەرۆکی یانـەی هەولێرو رادان گاسنین ڕاهێنەری یانەی هەولێرو عومەر سەلیم بەڕێوەبەری تیپی تۆپی پێـی یانەی هەولێرو ژمارەیـەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ هۆکاری و وازهێنانی دەست لەکارکێشانەوەی ڕادانی ڕاهێنەری کرواتی ئەنجامدرا، لەسـەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەشـدا دکتۆر عەبدوڵلا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر گوتی: کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان لەسەر وازهێنانی کاپتن ڕادانی ڕاهێنەری یانەکەمانە، بەناوی خۆم و دەسـتەی کارگێڕی و یاریزانان و هاندەرانی یانەکەمان سوپاسـی دەکەین کە لەماوەی ڕابردوو لەگەڵ ئێمە بەردەوام بووە، زۆر پێمان ناخۆشـە کە لەگەڵ یانەکەمان بەردەوام نەبوو هەمـوو لایەك ئەو بڕیارەی پێ ناخۆشـە هەر چەندە ئێمە لە جامی ئاسـیا دوورخراینەوە بەڵام ئەوە ئەو هەڵسەنگاندن نییە بۆئەوەی کە ئەنجامان خراپ بووە زۆر یاریزانی کوردی بەسەر خسـتووە، بەڵام بەداخەوە هەندێك شـت هەیە بەدەستی ئێمە نییە، زۆر قسەمان لەگەڵ ڕادان کردووە بۆئەوەی بەردەوام بێت لە کارەکەی هەتا ئەوەشـمان پێگـوت گوتمان با ئۆتۆمبێلی تایبەت یاخود بە فڕۆکە و و پاسـەوانی تایبەتیشی بۆدادەنین لە یارییـەکان، بەڵام ڕادان بەهۆی خراپی باری ئاسایشـی بەغدا ڕادان بڕیـاری کۆتاییدابوو، من ناتوانم ئیجباری ئەوە بکەم کە نابێ واز بهێنێت، چونکە من ناتوانم پارێزگاری خۆم بکەم، هەرچەندە ماوەیەکیش هێشتمەوە بۆئەوەی لە بڕیارەکەی پاشـگەز بێتەوە بەڵام ڕادان گوتی پێم خۆشـە وازبهێنم، لە پێش یاریی شـورتە گوتی واز دەهێنم نەمانهێشت و لە یاریی کارەباش گوتم مەڕۆ بـۆ یارییەکە،کاپتن ڕادان ڕاهێنەرێکی باش و بە ئەزمـوون بوو، بەڵام زۆر جـار ڕاهێنەر یانەکەی بەجێهێشتووە و هەولێریش بەردەوام بووە، گوتیشی سەرپەرشتی مەشقی یانەکەمان بەهەریەك لە دکتۆر عومەر مەجید و عومەر سـەلیم و جەلیل زێدان دەسپێرین تاکو کۆتایی خولی بژاردەی عێراقی،ئێمە وەکو یانەی هەولێریش سوپاسـی ڕادان دەکەین کە بەرنامەی وابوو کە کار بۆداهاتووی یانەی هەولێر بکات، بەڵام کارەکە گۆڕا،ئێمەش پاڵپشتی یانەکە دەبین و تیپەکەمان تیپێکی باشـو دەبێت زۆر خاڵمان هەیە دەتوانین سـەرکەوتن بەدەست بهێنین سەرکەوتنی هەولێریش بەهەوڵی هەموو لایەك دەبێت، لەلایەن خۆشـییەوە کاپتن ڕادان ڕاهێنەری هەولێر لە کۆنگـرە ڕۆژنامەوانیەکە گوتی: مـن بڕیاری کۆتایی خۆم داوە کە ناچمە شـاری بەغدا بۆهۆی خراپی بارودۆخەکەی کە لەمانگی ڕابردوودا ١٥٠٠ کەس شـەهید بووینە منیش لە ژیانی خۆم دەترسـم و دەست لەکارکێشانەوەشم هیچ پەیوەندی بە باری دارایـی نەبووە، هەرچەندە یانـەی هەولێر بڕیاری ئەوەی دابوو کە بە فڕۆکە یان بە ئۆتۆمبێلی تایبەت سـەفەر بکەم پاسەوانیشـم بۆدابین دەکەن، بـەڵام من بڕیاری کۆتایم داوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم پاشـگەز نابمەوە، هەرچەندە ئـەو بڕیارە زۆر گران بوو، بۆ من بـەڵام ئەو بارودۆخەم پێ نەچووە سـەرێ، گوتیشی من دەگەڕێمەوە بۆ وڵاتی کرواتیا لەگەڵ خێزانەکەم ژیان بەسـەر دەبەم تامانگی ١١و ١٢ هیچ بڕیارێك نادەم لە بارەی چارەنووسـی خـۆم، هەر چەندە کە من لە یانەی هەولێریش بووم چەندین گرێبەستم پێشکەشکرا، بەڵام یانەی هەولێرم بەجێنەهێشـت، گوتیشی عومەر مەجید یەکێکە لە ڕاهێنەرە بەتواناکان و ماوەی ٤ مانگ لەگەڵ من کاری کـردووە ئەگەر باش نەبوایە ئەوکات بڕیاری ئەوەم دەدا کـە واز بهێنێت، بەڵام ئەویش بەتەنیـا ناتوانێت بەردەوام بێت دەبێـت بەهەموو لایەك هاوکاری بکـەن، لە بارەی داهاتووی یانـەی هەولێرش دکتۆر عەبدوڵلا مەجید سـەرۆکی یانەی هەولێر گوتی:ئێستا بڕیاری هیچمان نەداوە بۆئەوەی بەخێرایی ڕاهێنەرێك بهێنین وزۆر لە ڕاهێنەرەکانی عێراقمان تاقیکردووە، هیچ ڕاهێنەرێك بەرپرسیاریەتی ئەم بارودۆخەی یانەی هەولێر هەڵناگرێت،جـارێ ئێمە پەلە ناکەین و بڕیاری خێرا نادەین و پێویستمان بە پشـتگیرییە، ئێمە هیچ ڕاهێنەرێك ناهێنین لە دەرەوە، چونکـە هەر ڕاهێنەرێك بێت بارودۆخی عێراق دەزانێت دواتریش ڕۆژنامەنووسان چەندین پرسیاریان ئاڕاستەی هەریەك لە دکتۆر عەبدوڵلا مەجید و ڕادان گاسنین کرد.